# جه ژنێ سوور

به ره به یانی ڕۆژه که ی جیژنی قوربان
هه ر پۆله مه لی سه ربه ستی
هه ریمه که ی ژینه
له ته داره کی ئاهه نگه که ی جیژنه پیرۆزه دا
تۆ نازانی چ ئه شقیکی خودایی هه لیگرتوون
و
به شه قه ی باڵان، ده فرن و ده فرن
هه تا جیژووانه که ی ئه ویندااران
و
مه کۆی دڵان .
ئیستێ به و ناوه دا
جیژنی ئاشقان و گه رده ن ئازایی
دلداران
مه گه ر هه ر خوا و گه ردوون بزانێ
چ فرمیسک بارانیکه.
ئه ویده رێ ئیستێ سیحری ده روون
وا هه مووانی مه ستی باده که ی ئه وین
و
ئازادی کردووه،
کێ بێ و بیر له تاوان بکاته وه !
ئیستێ هه ولیر، مه کۆی ئه شقه، وارگه ی ژینه
چی په یڤی شیرینی ژینه
به بالآیا ئاویزانه.
ئیستێ هه ولیره و ئازادییه
و
ئازادییه و ئازادی.
هه ولیره که ی دیرینی من

ئه مێستاكه  بۆ نازانی چلۆن
نقومی  ئه شكی  دیده ی  خێڵی یاره.
نه به هاره و وه رزی شێعر
نه پایزه و خێڵ به ره و خوار
و
عێل به ره و  ژووری  هۆزان.
ئێستێ    بۆ نازانی  ئه ی  یار
شێعر  وه رز  ناناسێ
وه رزی ئێستا، وه رزی ڕچانی ئاوه
زه نگۆڵ  زه نگۆڵ
به ڕیشی  ته ریقه تی  شێعره وه
كه چی دیده م!
ڕۆژێكه  و  كووره كه ی  یاران
خرۆشێ   ده روێشانه  دایگرتووه.
ئاشقان  هه موو  جه من
و
هه ر ئازادییه و چۆڕ چۆڕ
به  گۆنای  هۆزی  خۆرا
به  گه رده نی   هه ولێرا
ئه تكێته  خوار .
میلی  كاژێر  سوورێك ئه خوا
ئێستێ   هه ولێر   ئه ی  یار  یاگه ی  ئه شقه
و
سمایله كانی  كورد  ئه چن و قوربانی خۆ
پێشكه ش  به بالآی   دیرۆك
و
قه لآكه ی  كوردان  ئه كه ن.
ئه مێستاكه  هه ولێر   به م   كزه ی  زستانه
بۆ  نازانی   ئه ی  یار  ،  سۆز  بارانه
له  گه رمه ی  ئاوێزانی  بالآی  یه كبوونی

خێڵی خۆرا
دەستی ئافات، دەستێ ژەنگن
دەستێ ڕەق، دەستێ بێ سۆز
لە سینگی ژەنگنیا
دێتە دەرێ و بەجارێ شار
خامۆش ئەبێ .
لە مێژە ئەی یار ، ڕووپەڕی دیرۆکی ئەم گەلە
نەخشاوی خوێنە.
دێر زەمانێکە ئەی یار
مێژووی ئەم گەلە
خەڵتانی خوێن و باروت و ئاورە،
دێر دەمێکە ئەی یار ،ئەم هەرێمە
وەرز نییە بێ مەرگەسات.
گەلی ئەنفالکراو، هەڵبجە دیتوو
کوا ئەبەزێ ئەی یار !
ئەی یار بێژە بە ئەهریمەنی ترین
دەستی تاوان
بارکە بڕۆ، بەجێ بێڵە کوردستانم
ئێرەکانێ بۆ تۆ ناشێ
شوێن بۆ تۆ ، هەمان
تەنگەڵانەکەی چاخەسەرەتاییەکانی دیرۆکە
تۆ دەبێ ،سەرشۆڕ، شەرمەزار
ملی ڕێی تاریکستانەی جارانت
بگریتە بەر
و
وڵاتی خۆر، وڵاتی گوڵ ، وڵاتی ئازادی
بەجێ بێڵی .
ڕاکە بڕۆ ، ئەی نەفرەتی
وارگە و جێ بۆت
هەر بەتەنیا ڕەشەچاڵەکانی زەمەنە

نه فره ت   له    تۆ   ئه ی  دێوه زمه
دڵشاد   مه به
ئه م   گه له ی  من
هه زار هه زار  کۆستی دیکه ی وای  بکه وێ
دڵنیا  به  بۆ  ساتێکیش
سه رت   قه ت  بۆ  نه وی  ناکا
ئه ی   دۆزه خی،  ده  بگه ڕێوه
هه مان  دۆزه خستان،  کاولستان،  نه گبه تستان
شوێنێکه   بۆ   هه تا  هه تات
ئه مه  سه رهاته که ی  یه کی  شوبات بوو.

---

په یڤێ :  وام  دانابوو  ئه م  په خشانه  شێعره  له کۆڕه
ماته مینییه که ی  سالّی  پاردا  له  مزگه وتێکی  تارانا بیخوێنمه وه
به لاّم   نسێی  مه رگ ئینتزاری په یڤی کوردی ده کرد  بۆیه
کپ   مایه وه .

ڕێناس  جاف

caf@yahoo.comRenas